گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات

# منداڵی سەردەم

١٤٩
نیسان
٢٠٢٢



## گۆڕان بۆ پاندای سووری گەورە



# منداڵی سەردەم

گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات

## لەم ژمارەیەدا


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | دەستپێک | ٣ |
| ٢- | پێشبڕکێی خوێندنەوە | ٤-٥ |
| ٣- | زەوی ماڵی ئێمەیە | ٦-٧ |
| ٤- | ڕەچەڵەکی شتەکان | ٨-٩ |
| ٥- | تاقیگەی بریار: پیسبوونی ژینگە | ١٠-١١ |
| ٦- | دوو دراوسێکە و دار هەنار | ١٢-١٣ |
| ٧- | جیهانی سامان | ١٤-١٥ |
| ٨- | زەوی ماڵی ئێمەیە | ١٦-١٧ |
| ٩- | ئێسکەپەیکەر | ١٨-١٩ |
| ١٠- | پۆستەری ژمارە: گۆران بۆ پاندای سووری گەورە | ٢٠-٢١ |
| ١١- | پەنگوینەکان | ٢٢-٢٥ |
| ١٢- | دوو کورتە چیرۆک | ٢٦-٢٧ |
| ١٣- | ١٠ ڕاستی | ٢٨-٢٩ |
| ١٤- | ژیاری ژیر | ٣٠-٣١ |
| ١٥- | ماموت لە ئاهەنگی شازادەیەکدا | ٣٢-٣٤ |
| ١٦- | سینەمای منداڵان: هەوڵێک بۆ دزینی مانگ | ٣٥ |
| ١٧- | ١٠ جیاوازی | ٣٦-٣٧ |
| ١٨- | بە دەستی خۆم | ٣٨ |
| ١٩- | بەهرەی هونەری | ٣٩ |
| ٢٠- | چیرۆک بە بێ وتە | ٤٠ |



١٤٩
نیسان
٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرۆکی فەخری
شێرکۆ بێکەس

سەرۆکی دەزگا
ئازاد بەرزنجی

سەرنووسەر
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نەخشەسازیی هونەری
سەرنووسەر

وێنەکێش
گۆران ئەحمەد



بۆ پەیوەندیکردن
ژمارەی تەلەفوونی سەرنووسەر
٠٧٧٠١٥٣٦٠٤٤
halkauta@gmail.com


ئەو بابەتانەی پێمان دەگەن
نایان گێڕینەوە بۆ خاوەنەکانیان


ناونیشان
سلێمانی – شەقامی سالم
بەرامبەر بە یانەی ئەندازیاران

لەم ماڵپەڕەدا دەتوانیت بیخوێنیتەوە
www.sardem.org
نرخی (١٠٠٠) دینارە

# دەستپێك

منداڵی دنیایەکی ڕەنگکراوە بە خەون و خەیاڵ و یاری و فێربوون،
دنیایەکە لێوانلێو لە خۆشەویستی و لێبوردەیی و سادەیی،
دنیایەک کە پێویستی بە خۆشەویستی و سۆز و دڵنیایی هەیە،
تاوەکو منداڵ بتوانێت منداڵیی خۆی بەسەربەرێت و داهاتووی بنەخشێنێ.



## هێلکە شەیتانۆکە دەپرسێت

هێلکە شەیتانۆکەی ژێر حەزی لە پرسیارکردنە،
دەڵێی چی پرسیارێک دەربڕین و ئاڕاستەی هاوڕێیان و
کەسوکارتی بکەین، تا بزانین چۆن وەڵامی دەدەنەوە.
دەکرێت وەڵامەکە بەم ئیمەیلە بنێرن بۆ گۆڤارەکە:
halkauta@gmail.com



# پێشبڕکێی خوێندنەوە

لە عەرەبیەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

پشووی زستانە بە زوویی هات. ئارام و لانەی خوشکی دانیشتبوون و بیریان لەوە دەکردەوە چۆن پشووەکەیان بەسەر بەرن.  لانە دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ هاواری کرد: «ئێمە دەچین پشووەکەمان لە کێڵگەی باپیرە بارام بەسەر دەبەین.»
ئارام سەری بە ئاماژەی نەخێر بۆ لەقاند و بیرۆکەکەی بەدڵ نەبوو. ڕۆچووبووە ناو بیرکردنەوە و خەیاڵەوە و چاوەکانی دەبریسکانەوە.
کتوپڕ لە جێی خۆی هەڵبەزییەوە و بە شادمانییەوە وتی: «دۆزیمەوە، دۆزیمەوە!»
لانە بە ڕووخسارێکی حەپەساوەوە لێی پرسی: «چیت دۆزییەوە؟»
ئارام سەیرێکی ئەوی کرد و وتی: «بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئێمە چۆن باشترین و جوانترین پشووەکان لە ژیانی خۆماندا بەسەربەرین.»
قسەکانی ئارام سەرنجی خوشکەکەی ڕاکێشا، هەر بۆیە قۆڵی گرت و لێی پاڕایەوە: «تکایە، بیرۆکەکەتم پێ بڵێ.»
قسەکانی ئارام ڕوون نەبوو، هەر بۆیە ناچار بوو پێی بڵێ: «من هەموو بیرۆکەکەت پێ دەڵێم، بەڵام ئێستا نا، ئێوارە. ئێمە ئەم پشووە تەنیا بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بەڕێ ناکەین. هەر بۆیە پێویستە پەیوەندی بە هەموو دراوسێکانی گەڕەکەوە بکەین.»
ئێوارە، ئارام چوو بۆ لای هاوڕێ و دراوسێکانی، لانەش داوای لە هەموان کرد کە لە باخەکەی ماڵی ئەوان ئاما دەبن. باخەکە پڕ بوو لە هاوڕێ کچ و کوڕەکانی ئارام و لانە، کە هەموو کەوتبوونە خۆهەڵقورتاندن، تا نهێنی ئەم کۆبوونەوە بەپەلەیە بزانن کە ئارام داوای کردبوو.
ئارام ئەوانی زۆر لە سەرسوڕماویدا نەهێشتەوە و دەستی بە قسەکردن کرد و وتی: «هاوڕێیان و دراوسێیان، من ئێوەم کۆکردۆتەوە تا بیرۆکەیەکی تازە و بەسوودتان بۆ بخەمە ڕوو، بۆ بەسەربردنی پشووەکانی ئەمساڵ.»
لانە بەخۆهەڵقورتانەوە هاواری کرد:
– بیرۆکەکەتمان پێ بڵێ، ئارام گیان.
ئارام بزەیەکی کرد و درێژەی بە قسەکانی دا:
– ئێمە ساڵانێکی زۆرە پشووەکانمان
بە گەشت و یاری تۆپی پێ و مەلەکردنەوە
بەسەر دەبەین. بۆچی پشووەکانی ئەمساڵمان
بۆ خوێندنەوە تەرخان نەکەین؟



هەموو واقیان وڕمابوو، ئارام ئەوانی بەم بیرۆکە و پێشنیارەی خۆی سەرسام کردبوو، یەکێکیان بە سەرسوڕمانەوە وتی: «بۆ هەر خوێندنەوە؟ ئەی بۆ بە یاریکردنەوە بەسەری نەبەین؟»
ئارام هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: «هاوڕێ گیان، یاریکردن شتێکی جوانە، بەڵام چێژەکەی دەستبەجێ لە دوای تەواوبوونی یارییەکە کۆتایی دێت، بەڵام خوێندنەوە سوودەکانی بە درێژایی تەمەن تەواونابێت.»
لانە بە گەرموگوڕییەوە وتی: «چەند بیرۆکەیەکی جوانە، ئارام گیان، لە ڕاستیدا خوێندنەوە بەسوودە و دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر بزانین و سایەی ئەم زانیارییە بە درێژایی تەمەن لەگەڵماندا دەمێنێتەوە.»
شەوق و شادی سەرجەم هاوڕێیانی گرتەوە و یەکێکیان بە هەڵنانەوە وتی: «خوێندنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاشنای ئەو وڵاتانە بین کە نەمان بینیوون، هەروەها نووسەرە گەورەکان بناسین، کە بە زانستی خۆیان گۆی زەوییان ڕۆشن کردۆتەوە.»
لانەش هەڵیدایە و وتی: «بەڵێ... پێویستە بخوێنینەوە، زانیارییەکانمان دەوڵەمەند بکەین دەربارەی مێژوو، ئەدەب، زانست و سەرجەم بوارەکانی تر.»
ئارام بەشێک لە قسەکانی خوشکەکەی هەڵگرتەوە و وتی: «بیرۆکەکەی من ئەوەیە، کە چەند سەعاتێکی ڕۆژ بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەین. وەرن هەر ڕۆژە و کتێبێک بخوێنینەوە و ئێواران لێرە لە باخیماڵەکەمان کۆببینەوە، هەرکام لە ئێمە ئەو کتێبەی کە دەیخوێنێتەوە بۆ ئەوانیتری باس بکات و کورتەیەک لە کتێبەکە بخاتە ڕوو.»
هەموان ئەم پێشنیاز و بیرۆکەیەیان بەلاوە پەسەند بوو، لە سبەی ڕۆژی دواییەوە منالانی گەڕەک هورووژمیان بەرەو کتێبخانەی شار برد و کتێبخانە پڕ بوو لەو منالانەی دەبووە مایەی خۆشحاڵی ئەو کەسانەی لەوێ بوون. ڕۆژان تێپەڕین و مندالان خوێندیانەوە و زانیارییەکانیان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو.
هەموو ئێوارەیەک لە باخەکەی ماڵی ئارام کۆدەبوونەوە و هەرکام کورتەیەکی لەو کتێبە پێشکەش دەکرد کە خوێندبوویەوە. لە کۆتایی پشووەکەدا ئارام بڕیاری دا دیارییەکی سادە پێشکەش بە هەر هاوڕێیەکی بەشداربووی پێشبڕکێی خوێندنەوە بکات، بەڵام سەرجەم هاوڕێیان ڕەتیان کردەوە دیاری وەربگرن و پێیان وت: «دیاری ڕاستەقینە ئەو زانیارییانەیە کە لەم پێشبڕکێ جوانەدا (پێشبڕکێی خوێندنەوە) بەدەستمان هێناوە.»



لە عەرەبییەوە
خونچە مەحمود

گوڵدانی زانین

# ئاژەڵی «ولفرین»ی دەگمەن

## بەچکەیەکی دەبێت!





دواجار ئاژەڵی «ولفرین»ی گۆشتخۆر، کە لە دوا سەردەمی بەفرینەوە ژیانی لە کەشوهەوا ساردەکاندا بەسەربردووە، ژیانی نوێی لە باخچەی ئاژەڵانی بەلجیکا دەست پێ کرد.

ئەو ئاژەڵە دەگمەنە لە ناوچەی ئەشکەوتەکانی باخچەکەدا بەچکەیەکی بووە و لە لانەکەی هاتۆتە دەرەوە.

بەپێی قسەکانی وتەبێژی باخچەکە، ئێستا نزیکەی ١٣٠٠ ئاژەڵی لەو جۆرە، کە هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەر، لە ئەورووپا دەژین، ١١٦ دانەیان لە ٤٥ باخچەی ئاژەڵان ژیان بەسەر دەبەن.

دۆلفین دوو گەدەی هەیە، یەکێک بۆ کۆکردنەوەی خواردن و ئەویتر بۆ هەرسکردن.

# چاوەکانی سەرچەکوش

درە ماسیی سەرچەکوش جۆرێکی درەماسییە کە سەری بە چەکوش دەچێت و چاوەکانی دەکەونە ئەملاوئەولای سەرییەوە. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخسێنێت بواری بینینی بگاتە ٣٦٠ پلە و بتوانێت بە چواردەوری خۆیدا بۆ خواردنی بوونەوەرە دەریاییەکان بگەڕێت.

## لە هەر باخچەی گوڵێك



**دوورگەی مارەکان!**

دەکەوێتە نزیك کەنارەکانی «سان پاولۆ» لە بەرازیل و ڕووبەرەکەی ٤٣٠ هەزار مەتر چوارگۆشەیە و لەبەر لەخۆگرتنی ٤٠٠٠ ماری کوشندە بەو ناوەوە ناونراوە.





# دڵەڕاوکێ

## کاریگەری باشی هەیە!

ئەگەرچی دڵەڕاوکێ ناوبانگی خراپە، بەڵام کاریگەریی باشی هەیە. ئەمە لەلایەن لێکوڵینەوەیەکی ئەمریکییەوە پشتڕاست کراوەتەوە و دەرکەوتووە، کە دڵەڕاوکێ هەڵسوکەوتی بەرگریخوازانە بەهێزدەکاتو وادەکات مرۆڤ خۆی لە ڕووداوی ناخۆش بەدوور بگرێت.



# ئایسکریم
# ICE CREAM







## سەدەی یەکەم

**ئیمپراتۆریی ڕۆمانی**

نیرۆنی ئیمپراتۆری ڕۆمانی یاردیدەدەرەکانی خۆی دەنارد بۆ ناوچە سەهۆڵبەندەکان بۆ هێنانی بڕێکی زۆر بەفر تا بکرێتە ناو شەربەتەکان و ئەو میوانەی دەبوایە بە ساردی بخورێن.

## سەدەی 10

**ناوچەی عەرەبی**

عەرەبەکان شیرینەمەنیەکیان دروست دەکرت کە پێکهاتوبوو لە شیر، قشتە، شەکر، گولاو، میوەی وشککراو و چەرەس.

## سەدەی 13

**چین**

پاش گەشتێکی درێژی بە وڵاتی چیندا، مارکۆ پۆلۆ گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی (ئیتاڵیا) و ڕاچێتەی شیرینیەکی لەگەڵ خۆی هێنایەوە،کە لە گوشراوی بەستووی میوە دروست دەکرا.



بەناوبانگترین جۆرەکانی

# پێکهاتەکانی ئایسکریم

ئایسکریم پێك دێت لە شیرینیەکی بەستراو، کە لە شیری مانگا دروست دەکرێت و لەگەڵ میوە یان شوکولاتە یان قاوە تێکەڵ دەکرێت و بە شەکر یان هەنگوین تامخۆش دەکرێت.



## سەدەی 17

**ئینگلستان**

چارلزی یەکەم-ی پادشا شێفێکی فەڕەنسی هەبوو، کە شیرینییەکی سارد و بەتامی پێشکەش بە میوانەکانی دەکرد. پادشا ساڵانە ٥٠٠ پاوەندی دەدا بەو شێفە تا ئەو شیرینییە تەنیا لەسەر خوانی شاهانە دابنێت.



## سەدەی 16

**فەڕەنسا**

کاترین دی میدچی، کە خانمی خێزانێکی خانەدانی ئیتاڵی بوو، شووی کرد بە هینری دووەمی پادشای فەڕەنسا و لەگەڵ خۆیدا ڕۆجیری-ی شێفی خواردن دروستکردنی لێهاتووی برد کە جۆرێك شیرینیی بەستراوی داهێنابوو و لەناو میرەکانی فەڕەنسادا بەناوبانگ بوو.



## ساڵی 1686

**فەڕەنسا**

برۆکوبیۆ-ی شێفی ئیتاڵی، کە کۆچی کردبوو بۆ پاریس، یەکەمین کەس بوو خواردنگەیەکی دامەزراند کە ئایسکریمی پێشکەش بە میوانەکانی دەکرد و هەنگوین، دارچین، لیمۆ، پرتەقاڵ و شلیکی دەخستە سەر ئایسکریمەکە.




## ساڵی 1843

**نانسی جۆنسۆن**

خانمە ئەمریکی (نانسی جۆنسۆن) ئامێرێکی دەستەکی دروست کرد بۆ ئامادەکردنی ئایسکریم، کە پێکهاتبوو لە سندوقێکی دارینی پڕ لە بەفر و لە ناویدا سندوقێکی کانزایی هەبوو شیر و شەکر دەکرایە ناوییەوە، کاتێك سندوقە کانزاییەکە دەسووڕایەوە شیرەکە دەیبەست و دەبوو بە ئایسکریم.




پیسبوونی ژینگە
زۆر حەز دەکەم شەقامەکان لە خۆڵ و خاشاک پاک بکەمەوە.
ئەو پاککردنەوەیە یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە.
پیسبوونی ژینگە چییە بڕیار؟
پیسبوونی ژینگە بریتییە لە فڕێدانی ئەو مادانەی زیانیان بۆ ژینگە هەیە و ڕووخساری دەشێوێنن.
کەواتە پیسبوونی ژینگە چەند جۆرێکە!
بێگومان ڕۆبۆتەکەم. کاتێک گەڕاینەوە بۆ تاقیگە بۆت باس دەکەم.



پیسبوونی ژینگە سێ جۆرە:
پیسبوونی خاک، ئاو و هەوا.
هەموو ئەوانەش ئەنجامی فەرامۆشکردنی خەڵک و مامەڵەی خراپ لەگەڵ ژینگەدا.
کەواتە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە بریتین لە: فڕێدانی خۆڵ و خاشاک لەسەر زەوی، فڕێدانی شلەمەنیی پیس بۆ ناو ئاو و دووکەڵی کارگە و ئوتومبیلەمان.
بۆیە دەبێت خۆمان لە فڕێدانی ئەو شتانە بەدوور بگرین، کە ژینگە پیس دەکەن.
بێگومان دەبێت ژینگەکەمان بپارێزین.



# دوو دراوسێکە و دار هەنار

لە عەرەبییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

ئەحمەد و سەرمەد، کە دراوسێ بوون، بە هۆی کێشەیەکی خۆیانەوە تیامابوون. ئەوان ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆز بووبوونەوە، کە هیچ ڕێگەچارەیەکیان پێ نەبوو. لەبەرئەوەی ئەم دوانە نەیان دەتوانی چارەسەری بکەن.
هۆکاری ئەم کێشەیەش ئەوە بوو، کە ئەحمەد لە حەوشەی ماڵەوە دارهەنارێکی پڕ لق و پۆپی هەبوو، ئەم درەختە گەورەیە لە نزیک دیواری نێوان ماڵەکەی و ماڵی سەرمەدی دراوسێی ڕوابوو، ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو تا هەنارێکی زۆری دەگرت.
بە ڕێکەوتیش سەرمەد لە حەوشەی ماڵەکەی دارهەنارێکی هاوشێوەی هەبوو، کە وەکو دارهەنارەکەی ئەحمەد گەورە بوو. ئەم دارهەنارەش هەنارێکی زۆری گرتبوو.
بنەڕەتی کێشەکە لێرەوە سەری هەڵدا، کە لقەکانی ئەو دوو درەختە چووبوون بەناو یەکدا و تێکەڵ بووبوون. ئەم دوو دراوسێیە زۆر تیامابوون و لەبارەی ئەم دوو درەختەوە تووشی سەرسوڕمان بووبوون. هیچ کامیان درەختەکەی خۆی بۆ لە یەکتری جیانەدەکرایەوە، بەتایبەت کاتێ هەر یەکەیان دەچوون بۆ هەنارلێکردنەوە.



چونکە دوو درەختەکە لە دوای تێکئالآن و چوون بەناو یەکدا وەک یەک درەخت دەهاتنە بەرچاو.
ئەو دوانە نەیان توانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکەی خۆیان بدۆزنەوە. ئەمەش کێشەکەی زۆر ئاڵۆزترکردن و گەیشتە ئاستی شەڕ و دەمەقاڵێ.
هەر بۆیە ئەحمەد لە سەرمەد تووڕە بوو و دەستبەجێ داوای لێ کرد، کە کۆتایی بەم کێشەیە بهێنێ و سنوورێکی گونجاو لەنێوان ئەم دوو درەختەدا دابنێت. سەرمەد بە توندی وەڵامی دایەوە و داوای لێ کرد کە دارەکەی هەڵپاچێ یان هەر لەبندا بیبڕێتەوە.
لەوانە بوو ڕووداوێکی نەخوازراو لەنێوان ئەم دوو دراوسێیەدا ڕووی بدایە، ئەگەر دانایی ئەحمەد نەبوایە، کە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو گەیشت.
سەرمەد بە دڵێکی فراوانەوە پێشوازی لەم ڕێگاچارەیە کرد و پێی باش بوو، کە ئەم دوو درەختە لە شوێنی خۆیان واز لێ بهێنین، بە مەرجێک کە بەرهەمەکانی خۆیان بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکەن، وەک بڵێی لەبەردەم یەک درەخت و لە یەکماڵدا بن.

# جیهانی سامان

سامان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تیایدا گیانلەبەران و شتە نازیندووەکانیش دەدوێن. ئەو لەگەڵ دوو خوشکەکەیدا بە چەندین هەڵوێستی دەوڵەمەند بە پەند و ئامۆژگاریدا تێدەپەڕێت، کە پاڵەوانەکانی شتانێکن بە بیری کەسدا نایەن.

وەرگێڕانی: ئازاد تەها



## پول کۆکەرەوە





بۆچی خەزت لە خولیای پولکۆکردنەوەیە سامان؟
سوپاس بۆ خوا، بم دەرێ تا لە شوێنی خۆی لەناو ئەلبومی پولەکاندا دایبنێم.
خولیای پولکۆکردنەوە خولیایەکی جوانە سارا.
بانگی پولەکان دەکەم تا خۆیان بدوێن و باسی نهێنییەکانت بۆ بکەن!
هەر پولێک جیاکەرەوەیەکی بێوێنەی هەیە.
پولی وا هەیە وێنەی گرنگترین شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی گەشتیاریی وڵاتی لەسەرە، لەگەڵ ناوچە شوێنەوارییەکان.
ئەمە بۆ بە زیندوویی هێشتنەوەی ئەو شوێنانەیە، چونکە شانازییان پێوە دەکەین.
هەندێک جار وێنەی کەسایەتییەکان دەبینم لەسەر پوولەکان. بۆچی دادەنرێت؟
بۆ ڕێزگرتن لە کارەکانیان و بەرز ڕاگرتنی ئەو خزمەتانەی بە مرۆڤایەتیان کردووە.
پول هەیە وێنەی داهێنەر، دانەر، پزیشک و زانای لەسەرە، سەرەڕای وێنەی ناودارترین داهێنانە نوێیەکان.
تێگەیشتم، لەمڕۆوە هاوبەشی براکەم دەکەم لەم خولیا جوانەدا.
بۆ ئەوە پێویستیت بە کڕینی ئەلبومی پولی تایبەت بەخۆت دەبێت.
لە ڕۆژانەکەم دەیکڕمو سوور دەبم لەسەر کۆکردنەوەی جوانترین پولە نیشتمانیەکان.

THE EARTH IS OUR HOME




زەوی ماڵی ئێمەیە



تێکڕای تەمەنی مەیموونی ئاڵتوونی
**20**
ساڵە

# ڕاوکردنی زۆر هەڕەشەی لەناوچوون لە مەیموونی ئاڵتوونی دەکات

دەزانیت بۆچی ناوی «مەیموونی ئاڵتوونی» لەو جۆرە مەیموونە نراوە؟ ئەو جوانترین جۆری مەیموونەکانە کە لە ژینگەدا بەدی دەکەیت و لەبەر ئەو خوورییە ئاڵتوونیەی دەوری دەموچاوی داوە ئەو ناوەی لێ نراوە.
زانایانی ژینگە هۆشداری دەربارەی مەترسیی لەناوچوونی دەدەن، ئەوەش لەبەر زۆر ڕاوکردنی و وێرانکردنی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی.
درێژیی مەیموونی ئاڵتوونی نزیکەی ٧٠سم دەبێت. تێکڕای کێشی دەگاتە حەوت کیلۆو خۆراکی برێتییە لە گەڵای درەختەکان و جۆرەکانی میوە.



## چەند ئامۆژگارییەك بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە هەستەوەریی وەرزی



پژمینی بەردەوام و هەناسەسواری دوو نیشانەی تووشبوونە بە هەستەوەریی وەرزی، کە لە وەرزێکی دیاریکراودا تووشی مرۆڤ دەبێت. هەستەوەریی وەرزی ئەنجامی هەندێك هەڵاڵەی گوڵ دروست دەبێت، کە مێش هەنگ لە گوڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەیگوێزێتەوە. بۆ خۆپاراستن زانایان ئامۆژگاری ئەوە دەکەن سەوزە و میوە باش بشۆرێتەوە و دەموچاو بشۆرێت و دەرگا و پەنجەرەکان بە شەو دابخرێن



### گازی زوقم

نەخۆشییەکە لە ناوچە زۆر سارِدەکاندا تووشی پەلوپۆی مرۆڤ و ئاژەڵ دەبێت. مەیموونی ئاڵتوونی لووتێکی بچکۆلەی هەیە، وەک بەرگرییەک بەرامبەر بە سەرمای زۆر.

**تەنیا لە چیاکانی چین دەژی، لەوانە چیاکانی تبت.**







**70**

سم درێژیی مەیموونی ئاڵتوونیە

لە فارسییەوە: هیوا محەمەد

# ئێسکە پەیکەر



هیوا بە چاوە گەشاوە و واقوڕماوەکانیەوە سەیری ئەو ئێسکەپەیکەرەی دەکرد، کە بە شووشەی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەوە هەڵواسرابوو و دەجووڵایەوە. ئێسکەپەیکەر بەددانە ئێسکیەکانی خۆیەوە پێدەکەنی. هیوا لە ترساندا کشایە دواوە. دایکی ئەوی لەسەر پێیەکانی ئالوگوڕ پێ کرد و مۆڕەیەکی لێ کرد: «ئەوە چی دەکەیت منداڵ؟ ئارام بە!»
شۆفێرەکە چین چین ئارەقەی دەڕشت. بە پەڕۆیەکی پیس ژێر ملی پاک کردەوە و لە ژێر چاوەوە سەیرێکی هیوا و دایکی کرد. شەقامەکە قەرەباڵغ بوو و دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان و بۆڵەبۆڵی شۆفێرەکان، کە لە ترافیکەکەدا گیریان خواردبوو، دەهاتە ناو گوێیەکانەوە.
ئێسکەپەیکەر بە بۆشایی چاوەکانی زەق زەق سەیری هیوای دەکرد و پێدەکەنی. هیواش نەی دەزانی چ کارێک بکات. حەزی دەکرد زووتر بگاتە ماڵی خاڵە ئەکرەم و لە دەستی ئەم ئێسکەپەیکەرە ترسناکە ڕزگاری بێت.
لەناکاو ئێسکەپەیکەرەکە هاتە دەنگ و وتی: «حەزدەکەیت ئەوەت پێ بڵێم چۆن من بوومە ئێسکەپەیکەر؟» و ددانەکانی قرچەقرچ دەنگیان لێوە دەهات.
هیوا بە خێرایی ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی دایکی کرد. ئێسکەپەیکەرەکە وتی: «ئارام بە، هیچ کەس جگە لە تۆ گوێی لە دەنگی من نابێت. زۆر باشە چی دەڵێیت؟ حەزدەکەیت پێت بڵێم؟ زۆر جوانە. بە هەر منداڵێکم وتووە حەزی لێ بووە. کاتی ئەوەشمان هەیە. ئێستا هێشتا لە ترافیکداین. بیڵێم؟»
هیوا سەری بۆ لەقاند.
ئێسکەپەیکەرەکە وتی: «ڕاست یان درۆ بۆچی» ڕۆژێک خەریک بوو بەناو شەقامێکدا دەڕۆیشتم، کە لەناکاو ژێر پێیەکانم چۆڵ بوون و بەسەردا کەوتمە ناو زەوی. بەرزبوومەوە. شەقامەکە ژێر پێیەکانمی بەتاڵکردبوو و خەریک بوو ڕای دەکرد. باوەڕ دەکەیت، شەقامەکە ژێر پێیەکانمی بەتاڵ کردبوو و خەریک بوو ڕای دەکرد.

هاوارم کرد: «بۆ کوێ؟
خەریکیت بۆ کوێ ڕادەکەیت؟» و بە شوێنیدا ڕام کرد.
زۆر بە خێرایی ڕای دەکرد. بە هەر بەدبەختییەک بوو خۆم پێ گەیاند و گرتم. شەقامەکە پێکەنی و بە هەناسەبڕکێوە وتی:
– زۆر باش بوو ئێستا وەرە بە یەکەوە یاری چاوشارکێ بکەین، من دەچمە شار و تۆ بڕۆ خۆت بشارەوە.»
باوەڕ دەکەیت شەقامەکە دەیەویست لەگەڵ مندا یاری بکات. من، کە شەیدای یاریکردن بووم، وتم: «باشە، باشە یاری دەکەین.»
شەقامەکە چووە سەر شار: «دە بیست سی چل پەنجا شەست....»
من سەیری ئەملاولام کرد. چاوم کەوتە سەر مارێکی بوا، کە دەمی کردبووەوە و باوێشکی دەدا. خێرا خۆم هەڵدایە ناو دەمی و خۆم شاردەوە. مارەکە دەمی داخست، هەموو شوێنێک وەک شەو تاریک بوو. من لەوێوە ڕۆیشتم بەرەو سکی مارەکە. سکی مارەکە سک نەبوو، تونێلێکی ترسناک بوو. باوەڕدەکەیت، تونێلێکی ترسناک بوو. تا ئێستا چوویتە ناو تونێلێکی ترسناک؟»
هیوا سەری بۆ جووڵاند.
– بڕۆ. زۆر خۆشە. زۆر چێژی هەیە. جارێکیان دوو دانە دێو هاتن بەرەو ڕووم. منیش دەستم کرد بە ڕاکردن و کەوتمە ناو شوێنێکی کۆن، کە پڕ بوو لە ئێسکەپەیکەر، شەوی جەژن بوو و ئێسکەپەیکەرەکان ماڵیان پاک دەکردەوە. باوەڕ دەکەیت، خەریک بوون ماڵیان پاک دەکردەوە. ماڵەکانیان سەرەوژێر کردبوو و دەیان تەکاند، منیش ماڵێکی چۆڵم دۆزییەوە و سەرقاڵی پاککردنەوەی بووم. تا نزیک بەیانی کارمان کرد. کە بەیانی هات ئێسکەپەیکەرەکان دانە دانە چووبوونە ناو ماڵەکانیان و لێی ڕاکشابوون. منیش لەناو ماڵەکەمدا لێی ڕاکشام. جارێکیان لە کونەکەی سەرمەوە مشکێکی کوێری گۆچان بەدەست هاتە دەرەوە و دەستەکانی بردم و ڕۆیشت. لە ڕاڕەوی تەنگ و تاریکی زۆرەوە ڕۆیشتم. سێ چوار مانگێک ڕۆیشتین تا گەیشتینە بەشی سەرەوەی دەرچەیەکی قوڵ. لەناکاو مشکە کوێرەکە منی فڕێدایە ناو دۆڵەکەوە. باوەڕ دەکەیت؟ منی هەڵدایە ناو دۆڵەکەوە. خەریک بووم لەنێوان ئاسمان و زەویدا دەست و قاچم دەجولاندەوە، بە خێرایی بەرەو خوارەوە دەهاتم، کە لەو کاتەدا جاڵجاڵۆکەیەک، بە داوەکانی منی ڕاکێشا بەرەو سەرەوە. لەو سەرەوە بە هەڵواسراوی مابوومەوە و وەک یۆیۆ سەرەو خوارم دەکرد، کە کتوپڕ بینیم لە ئاوێنەی ئۆتۆمبیلەکەوە هەڵواسراوم و تۆش خەریکیت بە ترسەوە سەیرم دەکەیت. باوەڕ دەکەیت، تۆ خەریک بوویت بە ترسەوە سەیری منت دەکردو بە دەنگێکی بەرز پێکەنی.
هیوا لە ترساندا وشک بووبووەوە. دایکی بە خێرایی ڕایوەشاند و وتی:
– بۆچی واقت وڕماوە. خێرا بڕۆ خوارەوە. قاچم شکا. دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە.
هیوا لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی. دایکی پارەی شۆفێرەکەی دا و دەرگاکەی داخست و کەوتنەوە ڕێ. دەنگی ئێسکەپەیکەرەکە لە پێکەنیندا خەریک بوو دەپچڕا و دەهاتە گوێی و دەزرینگایەوە.
– بە باشی لە کاتم گرتی. باوەڕ دەکەیت؟
بە باشی لە کاتم گرتی....


TURNING RED
گۆڕان بۆ پاندای
سووری گەورە



# پەنگوینەکان

لە فارسییەوە: هیوا محەمەد

**ئاشنای ١٨ شێوەی جیاوازی پەنگوینەکان بە. ڕەش و سپی بوون تەنیا سیفەتی ئەم ئاژەڵانە نییە، بەڵکو وردەکاری تری وەک شێوەی موو و کەسایەتی پێکەنیناویی ئەوان، بەشێکی گرنگە لە وردەکاریی ژیانی ئەوان.**



## لە باری لەناوچووندا

***ڕۆک هۆپەر**

هەم باکووری و هەم باشووری، ئەمجۆرە پەنگوینە بەردەوانێکی بە توانان. ئەوانە سوود لە چنگە تیژەکانیان دەبینن، تا بە فڕینە کورتەکانیان خۆیان بگەیەننە بەشی سەرەوەی بەردە لێژەکان و هێلانە دروست بکەن. توێژەرەوە پەنگویننناسەکان دەڵێن: «ئەمجۆرە نەترسن». ئەم دوو شێوەیە لە ناوچەی ژێر جەمسەری باشووردا دەژین. تەنیا جۆرە باکوورییەکانیان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

*** ئادلی**

ئەمجۆرە پەنگوینانە دەتوانن، لە کاتی تێپەڕبوون لە سەهۆڵە جەمسەرییەکان، ببنە پاڵەوانی یاریی بازدان لە هەوادا! سەگە دەریاییەکان لە قوڵایی دەریادا لە چاوەڕوانی بچووکترین جووڵەدان بۆیان. ئەگەر ئەمجۆرە پەنگوینە ڕاوچییەک ببینێ،لە شوێنی خۆی ناجووڵێت تا مەترسییەکەی لەسەر لادەچێت.

***پادشاییەکان**

ئەمجۆرە پەنگوینانە نزیکەی چوار مانگی ساڵ لە دەریا،شوێنێک لەنێوان ئوستراليا و جەمسەری باشووردا، بە خواردن و خەوتنەوە بەسەر دەبەن.









* بچکۆلەکان
ساڵانە زیاتر لە نیو ملیۆن گەشتیار لە نیوزیلەندا و ئوسترالیا بۆ تەماشای نمایشی شەوانەی پەنگوینە شین و خۆڵەمێشیەکان، کە بە ئەندازەی تۆپێکی پێ دەبن، دێنە نزیک پەناگەی ئەوان.

*شا پەنگوین
پسپۆڕەکان دەڵێن: «شا پەنگوینە پێگەیشتووەکان بە جۆرێک ڕەفتاردەکەن وەک ئەوەی لە ڕاستیدا شا بن. ئەوانە هەرگیز بۆ هیچ لایەک ناچن، وەک ئەوەی هەمیشە دنیا ماڵی ئەوان بێت»، بەچکەکانیشیان ئەوەندە لەگەڵ جۆرەکانی تر جیاوازییان هەیە، کە ماوەیەک زاناکان وەها گومانیان دەبرد ئەوانە لە جۆرێکی جیاوازترن و بەوانیان دەوت «پەنگوینی توکن».



**لە باری لەناوچووندا**

*پەنگوینی ڕاست کاکل
ئەم پەنگوینە نیوزیلەندییانە لە کاتی هێلانە دروستکردندا زۆر پێویستیان بە کەرەستە نییە. کەرەستەی بنیاتنان ئەوەندە کەمە، کە هەندێکجار پەنگوینی مێ تەنیا سوود لە چەند بەردێک لە جیاتی هێلانەی گەورە وەردەگرێت، بەڵام مێیەکە زۆربەی کاتەکان هێلکەکانی لەسەر ڕووی بەردێکی گەورە و ڕووتەخت دادەنێت.

**لە باری لەناوچووندا**

* چاوزەردەکان
بەپێچەوانەی پاشماوەی پەنگوینەکان، کە لەتەنیشت یەکتری و لە کۆمەڵی زۆردا هێلانەسازی دەکەن، پەنگوینە چاوزەردەکان لە دارستانە کەناراوی و دەوەندارەکان، دوور لە هێلانەی پەنگوینەکانی تر، خۆیان دەشارنەوە. پسپۆڕێکی پەنگویناس دەڵێت: «بۆ لێکدانەوەی ژیانی ئەوان دەبێ لەنێو گیا دەوەن و بنچکەکان و لق و گەڵای درەختەکاندا بگەڕێین و خۆمان بخزێنینە ئەوێوە.»





*پەنگوینی سنێر
ئەمجۆرە پەنگوینانە لە ناوچەی سنێردا هەن لە نیوزیلەندا. بۆ بینینی ئەم پەنگوینانە دەبێت سەیری سەرەوە بکەین، ئەوانە زۆربەی جار تەنانەت دوو مەتر سەرووتر لە زەوی لەسەر ڕووی لقی درەختەکان دادەنیشن. ئەمجۆرە پەنگوینانە وەرزی جووتبوون لەسەر ڕووی گەڵا و لقی پڕ لە خواربووەوە و چەمانەوەی درەختە دارستانیەکانی دوورگە بچووکەکانی باشووری نیوزیلەندا دەمێننەوە.





*ماجەلانی

پەنگوینە ماجەلانیە گەنجەکان، کە لە کەنداوەکانی باشووری ئەمەریکای باشووری دەرکەوتوون، بە ڕاوکردنی پوشهەڵگرەکان دەست بە مەشقی ڕاودەکەن. توێژەرانی ژیانی پەنگوینەکان دەڵێن: «ئەوانە پەڕی پێیەکانیان دەدەن لە یەکتری تا ماسوولکەی مەلەکردنیان بەهێز بکەن. هەندێکجار ئەمە لە کاری زەویشدا دەردەکەوێت.»

* ماکارۆنی

هەموو ساڵێک لە مانگی ئۆکتۆبەردا نزیک بە ١٨ ملیۆن پەنگوینی ماکارۆنی لە تەپۆڵکە و بەردەکانی کەناراوەکانی جەمسەریو ژێر جەمسەری هێلانەسازی دەکەن. ماکارۆنیەکان گەورەترین کۆمەڵگەی پەنگوینەکانی سەر رووی زەوییان هەیە.





* گینتۆ

کاتێک یەکێک لە دایبابانی گینتۆ لە ڕاو لە دەریاکانی ژێر جەمسەری دەگەڕێتەوە، لە دەست جووجەکانی ڕادەکات، بەڵام جووجکە برسییەکان چاودێریی دەکەن. زانایەکی پەنگویناناس دەڵێت: «سەیرکردنی جووجکەکان، کە چاودێری دایک و باوکیان دەکەن، زۆر جێی پێکەنینە. بە هۆی ئەوەی کە هەرکام لەو جووجکانە برسی دەبن، ئیتر نیگەرانی چاودێری دایک و باوکیان بە خۆیان نادەن.»

* هەمبۆڵت

ماڵی ئەمجۆرە پەنگوینانە لە بەردەکانی کەناراوی دابڕاوی شیلیو پیرۆ و ئەمەریکای باشووریدایە. ئەوانە بۆ فێنککردنەوەی خۆیان، هەناسەبڕکێیانە، دەچنە سێبەر یان مەلەدەکەن.بەشی بێ پەڕی جەستەشیان هەروەک ڕووخسار و پێیەکانیشیان، بە لابردنی گەرمای جەستەیان فێنک دەکەنەوە.



**لە باری لەناوچووندا**

* گالاپاگۆس

ئەمجۆرە پەنگوینانە، لە جیاتی زۆرانبازی لەگەڵ سەرمابووندا، پێویستە لەگەڵ تیشکی خۆری سوتێنەردا زۆرانبازی بکەن، چونکە ئەوانە لە دوورگەکانی گالاپاگۆسی هێڵی کەمەرەییدا دەژین. ئەوانە پێیەکانیان بە باڵەکانیان دادەپۆشن تا نەسووتێن.




* ئیمپراتۆر
پەنگوینە ئیمپراتۆرییەکان لە ڕووی جەستەییەوە گەورەترینن لە جۆری خۆیان،ئەوانیش بەقەدەر جەستەی منداڵی مرۆڤێک کە حەوت ساڵە بێت.ئەوانە دەتوانن تا قوڵایی ٥٥٠ مەتر لە ئاودا خۆیان نقوم بکەن و هەناسەیان ٢٢ دەقیقە بهێڵنەوە.

*پەنگوینە خڕ و بچووکەکان
ئەمجۆرە پەنگوینە پڕ لە قیژەقیژە لە جەستەی بچووکی خۆیاندا لەوپەڕی ناڕەحەتی و نەهامەتیدان. پسپۆڕێکی پەنگویننناس دەڵێت: «ئەوانە ئەوەندە پڕ لە دەنگەدەنگن کە لە نزیک شوێنی مانەوە و پاراستنیان ناکرێت قسەبکەیت، چونکە دەنگ بە دەنگ ناگات و هیچ تێناگەیت.»

## لە باری لەناوچووندا

* ئەفەریقایی
تەنیا جۆری ئەم شێوەیە لە کەناراوەکانی ئەفەریقا هێلانەسازی دەکەن. پەنگوینی ئەفەریقایی لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاوچییەکانی وەک پڵنگ، مشک، مار و مەیموونی پۆزەداردان.







* فیۆردلاند
ئەمجۆرە، کە لە دارستانە باراناوییەکاندا دەژی، بە سەختی تا ٦٠ سانتیمەتری دەگات. ئەمجۆرە پەنگوینە لە ئەشکەوت و کونەکان، لە ژێر تەختە بەردەکان، یان لە دارستانەکان، لە دۆخی پێگەیشتنیاندا لە دوورگەکانی نیوزیلەندادا دەژین.



# کڵاوی پەڕئاسنی

کە دۆڵابەکەت دەکەیتەوە ئارەزوو دەکەیت چی ببینیت؟
ئارەزوو دەکەیت مارمێلکی تیابێت، یان حاجی لەق لەق؟ کەروێشک بە دەمێکی درێژەوە، یان قەلەڕەشێکی پەڕئاسنی؟ تۆپێکی گردەڵە، یان کیسەیەک نۆکی بولبولی؟
ئارەزوو دەکەیت ماسییەکی قرشی تیابێت، یان بێچووە شێرێکی کێوی؟ شازادەیەکی ڕەنگپەڕیو، یان پەتوویەکی تەڕی چرچولۆچ؟ جادووگەرێکی شێواو، یان چەند دانە شەولەبان؟
ئارەزوو دەکەیت بزنێکی بزێوی تیابێت، یان ئاسکێکی توکن؟ ئارەزوو دەکەیت جلێکی خاڵخاڵی لە دۆڵابەکەتدا بێت، یان جووتێک پێڵاوی پەمەیی؟







# دایك و باوكی لیّو بەخەندە

بەیانیان، کە لە خەو هەڵدەستیت، ئارەزوو دەکەیت
سەرەتا چی ببینیت؟
دێوێکی توکن، یان کچێک بە ناوی خورمایی؟
ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە نیسک، یان دوانەی جادووگەری؟
یەک کوندەپەپووی خەواڵوو، یان لقی ئاڵباڵوو؟
بەیانی، کە لە خەو هەڵدەستیت، ئارەزوو دەکەیت منداڵێکی بچووک ببینیت،
یان یەک قاپ قەیسی؟ پیاوێکی خەماوی، یان پیاوێکی لێو بەخەندە؟
پشیلەیەکی کەللەزل، یان بۆقێکی زیکەزیککەر؟
پەردەیەکی چرچولۆچ، یان توێکڵی خەیاری پاککراو؟
ئارەزوو دەکەیت سەرەتای بەیانی پەپوولە باڵدارەکە ببینیت،
یان مارمێلکی خاڵدار؟
ئارەزوو دەکەیت چی ببینیت؟
ئارەزوو دەکەیت بەیانی، کە لە خەو هەڵدەستیت،
دایکێکی بچووک ببینیت، یان باوکێکی سمێڵدار؟

**لە فارسییەوە: ئارین هیوا**

# 10 ڕاستی



## ئەڵماس

ڕەقترین مادە سروشتییەکانە و لە کاربۆنی پووخت پێک دێت و گەورەترین کانەکانی دەکەوێتە باشووری ئەفریقا.



## قەیسی

چین گەورەترین هەناردەکەری قەیسیە لە جیهاندا و نیوەی پێداویستی جیهان دابین دەکات.



## شیری مانگا

زۆرترین شیرە، کە بۆ دروستکردنی بەرهەمە شیرەمەنیەکانی جیهان بەکاردەهێنرێت.



## بەهەڵمبوونی باران

لە ناوچە وشک و گەرمەکاندا، باران پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی، بە هەڵم دەبێت، بۆیە نابێتە مایەی تەڕبوونی هیچ کەسێک.



## کرمی فستق عەبید

بە پێیەکانی جیادەکرێتەوە کە بە فستق عەبید دەچێت. تاجەکەی سەریشی ئەو پاشماوانە کۆدەکاتەوە کە دەیان خوات.



## داگ هەمرشۆڵد

سویدییە و تاقە کەسێکە
کە پاش مردنی
خەڵاتی نۆبڵی
پێ بەخشراوە.



## یارییەکانی دیزنی

ڕووبەری شاری
یاریی دیزنی هێندەی
ڕووبەری شاری
سان فرانسیسکۆی
ویلایەتی کالیفۆرنیا
دەبێت.



## بنێشت جوین

چەند زانایەکی بەریتانی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی
کە بنێشت جووین یارمەتیدەرە بۆ
زۆربوونی ژیریی، چونکە ژمارەی
لێدانی دڵ زیاددەکات، کە دەبێتە
هۆی زۆربوونی ڕێژەی
ئۆکسجین و شەکر لە مێشکدا.






## جونۆ

نوێترین کەشتیی ئاسمانیی ئەمریکی
گەیشتووەتە هەسارەی مشتەری
بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی و
تا مانگی تەمموزی ٢٠٢١ لە
سووڕگەکەیدا ماوەتەوە.

## ماسیی بلۆب

ناشرینترین جۆری ماسییە
لە جیهاندا و بریتییە لە
پارچەیەکی گەورەی جەلاتینی
بێ ئێسک، کە لەسەر جانەوەرە
بێ ئێسکەکان دەژی و
لە قووڵایی ٦٠٠-١٢٠٠م
ژیان بەسەردەبات.





# ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر

وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

## هەراسانکردن لە قوتابخانە

ئایا ڕووبەڕووی هەڵوێستی توندوتیژ و بێزارکەر بوویتەوە لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەکەتەوە؟
ئایا کەوتوویتە بەر زیان پێگەیاندن و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی لە لایەن کەسانی دەوروبەرتەوە؟
ئەمەیە هەراسانکردن، لەگەڵماندابن، تا پێتان بڵێین چۆن ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببینەوە.

## جۆرەکانی هەراسانکردن

### هەراسانکردنی جەستەیی

ئەم جۆرە هەراسانکردن و ئازاردانە بریتییە لە پیاکێشان، مشتەکۆڵەلێدان و قژڕاکێشان.



### هەراسانکردنی دەروونی

1. بۆ نموونە، داوا لە قوتابیان بکرێ لە قوتابخانەدا هاوڕێیەتی هەندێ قوتابی نەکەن و یارییان لەگەڵدا نەکەن‌و پەراوێزیان بخەن.




2. دواخستنی هەندێ ناوو ناتۆرەی خراپ لەبارەی قوتابییەکەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە ستەم بکات.

3. ئازاردان بە قسەی ناشرین‌و بانگکردن بە نازناوی بێزارکەر.

## چارەسەری هەراسانکردن



1

لە سەیرکردنی فیلمە
توندوتیژەکان و
یارییە ئەلکترۆنییە
شەڕانیە ئامانجدارەکان
دووربکەونەوە.



2

سوودوەرگرتن
لە کاتەکانی پشوو و
دەستبەتاڵی بۆ ئەو
شتانەی سوودمەند و
بەرهەمدارن بۆ تاکو
کۆمەڵگە.

3

ئەگەر بینیمان قوتابییەک
هەراسان دەکرێت و
ئازاردەدرێت، نابێت هەر
تەماشاکەر بین، بەڵکو
پێویستە دەستبەجێ بچین
بەرێوەبەرێتی قوتابخانە
ئاگاداربکەین.



4

هەر قوتابییەک
لە لایەن قوتابییەکی ترەوە
هەراسان بکرێت، دەبێت
بەرێوەبەرێتی قوتابخانە یاخود
توێژەری دەروونی ئاگادار بێتو
لە ماڵەوەش دایک و باوکی
ئاگادار بکاتەوە تا کێشەکە
ئاڵۆزتر نەبێت.

5

مەشق و خۆڕاهێنان
لەسەر یەکێک لە
جۆرەکانی وەرزش
پێویستە بۆ بەرگری
لەخۆ کردن. تەنیا بۆ
کاتی هێرشکردنە
سەرت.



6

کاتێ ئازارت پێ دەگات،
فێربە ناڕازی بە لەسەر ئەو
ڕەفتارە، مەهێڵە بەردەوام
بێت، لە هەمووی گرنگتر
لای کەسێکی متمانەپێکراوی
خۆت باسی بکە.





# مامووت
# لە ئاهەنگی شازادەیەکدا

لە ئەڵمانییەوە: شەماڵ نەورۆڵی



لۆنا ئەو ئێوارە کە چووە ناو جێگاکەیەوە هیچ خەوی نەدەهات، ئەوەندەیش ماندوونەبوو کە خێرا خەوی لێ بکەوێت. کاتێک کە باوکی دەرگای ژوورەکەی کردەوە، بۆ ئەوەی شەوباشی لێ بکات، پێی وت:
– لۆنا گیان، تۆ کتێبت زۆرە، دەتوانیت کەمێک کتێب بخوێنیتەوە، ئەوسا چاوەکانت هیلاک دەبن و خەوت لێ دەکەوێت.

لۆنا بەبێزارییەکەوە وتی: «من چیتر ئەو کتێبانە ناخوێنمەوە، من حەزم لە چیرۆکی مامووتە.»
باوکی بە سەرسامییەکەوە: «بەڵام مامووتەکان لەمێژە لەبیرچوونەتەوە و نەماون.»
– ئەوە گرینگ نییە، من هەر حەزم لە چیرۆکی مامووتە.
– ئەی چۆنە من چیرۆکێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە؟
– زۆر باشە، بەڵام هی چی؟
– چیرۆکی ئەسپەکان.
– نا... نا من حەزم لە چیرۆکی مامووتە.






- باشە ئەی چیرۆکی شازادە؟
- نە... نە... من هەر حەزم لە چیرۆکی مامووتە.
باوکی لۆنا چارەی نەما، لەسەر جێگاکەی لۆنا دانیشت و دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی: «هەبوو... نەبوو... سەردەمانی زوو، هەزاران ساڵ پێش ئێستا، شازادەیەک هەبوو، کۆمەڵێک ئەسپی هەبوو...»
لۆنا دەموچاوی گرژ کرد و وتی: «دیسانەوە شازادە و ئەسپ، من ناڵێم حەزم لە چیرۆکی مامووتە.»



باوکی لۆنا بەپێکەنینێکەوە: «پەلە مەکە کچی خۆم، با چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە.
شازادەکە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە مامووت بوو، کاتێک کە سواری ئەسپەکانی دەبوو، خەونی بەوەوە دەبینیی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سواری پشتی مامووتێک ببێت.»
لۆنا هەر کە گوێی لە ناوی مامووت بوو، لەخۆشییاندا لە جێگاکەی بەرز بۆوە و هاواری کرد: «هێیی مامووت!»



باوکی بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی: شازادەکە کچێکی جوان و نازدار بوو، زۆر کوڕی ئازا و خاوەن پلەوپایە دەهاتنە داوای، بەڵام بە کەسیان ڕازی نەدەبوو، مەرجێکی دانا بوو، کە بە هیچ کەسێک جێبەجێ نەدەکرا.
ڕۆژێکیان لە وڵاتێکی دوورەوە، کوڕی پادشایەک هات بۆ خوازبێنیی.
شازادە بە کوڕە پادشاکەی وت:
- من کاتێک ڕازی دەبم، کە لە ئاهەنگەکەمدا سواری پشتی مامووتێک ببم.





لەبەر ئەوەی کوڕی پادشاکە شێت و شەیدای شازادەکە بوو، گەلێک هەوڵی دا، هەتاوەکو مامووتێکی گەورەی پەیدا کرد.
لە کۆتاییدا ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد و شازادە بە سواری پشتی مامووتەوە بەڕێ کرا.





لۆنا چیرۆکەکەی زۆر بەدڵ بوو، ئینجا بەدەم باوێشکەدانەوە بە باوکی وت: «بزانە بابە گیان، سەرەڕای ئەوەی کە مامووتەکانیش نەماون، کەچی چیرۆکەکانیان هەر ماون.»
باوکی بە ڕوویەکی گەشەوە کەمێک پێکەنی.

لۆنا وەنەوزێکی دا وتی: «بەڵام چیرۆکەکە زوو تەواو بوو.»
– ئێ باشە زیاترت بۆ دەگێڕمەوە.
پاشان لە کاتی ئاهەنگەکەدا، مامووتەکە ویستی شازادەکە بخوات...
لۆنا لەو کاتەدا خەریک بوو خەوی لێ دەکەوت، لەگەڵ ئەوەیشدا بە چاوی نوقاوەوە وتی: «مامووتەکان هەر گەڵا و گوڵ دەخۆن، مرۆڤ ناخۆن.»
باوکی کەمێک بیری کردەوە و ویستی چیرۆکەکەی بۆ تەواو بکات، بەڵام لۆنا خەوی لێ کەوتبوو.





ئەم چیرۆکە لەم سەرچاوەیەی خوارەوە بە دەستکارییەکی کەمەوە کراوە بە کوردی:
Mammutgeschichten
Vanessa Walder
Lesepiraten 2010

**تێبینی**

مامووت ناوی ئەو فیلە گەورانەیە،
کە لە چاخی بەستەڵەکدا هەبوون.





لەگەڵ ئێمەدا کورسی خۆتان بگرن
بۆ فڕین بە جیهانی هونەری حەوتەمدا.
باسی خۆشترین فلیم کارتۆنەکانتان
بۆ دەگێڕینەوە.

# سینەما

وەرگێڕانی: ئازاد تەها

## هەوڵێك
## بۆ دزینی مانگ

DESPICABLE ME



زۆر کەس خەو بە بردنەوەی نازناوی قوتابی نموونەییەوە دەبینن لە قوتابخانەدا، یان خەو بە بردنەوەی مەدالیای ئاڵتونییەوە دەبینن لە پێشبڕکێی ڕۆشنبیری و زانستی و وەرزشیدا، بەڵام ئایا پێشتر ئێوە تووشی کەسێک بوون زۆر هەوڵبدات بۆ بردنەوەی نازناوی (خراپترین کەس لە جیهاندا؟).



لە فلیمی Despicable Meدا (گرو)ی نەگریس دەناسن! کە بە جێبەجێکردنی کردەوەی دزیکردنی گەورە ناسراوە، وەک دزینی شاشە زەبەلاحەکە لە گۆڕەپانی (تایمز) و دزینی پەیکەری ئازادی، بەڵام تووشی سەرسوڕمان دەبێت بە بوونی بەرهەڵستکارێک، ئەویش (ڤیکتۆر)ە، کە یەکێک لە هەرەمە زەبەلاحەکانی میسری دزیوە. ئەمەش توڕەیی (گرو)ی زیاترکردووە، کە دەیەوێت بە تەنها خۆی لەسەر تەختی خراپە و نەگریسی دابنیشێت. بۆیە دەست دەکات بە نەخشەکێشان بۆ گەورەترین کاری دزی لە مێژوودا، ئەویش دزینی مانگە!

(گرو) هەوڵی دەستبەسەراگرتنی ئامێرێکی پێشکەوتوو دەدات تا یارمەتی بدات لە جێبەجێکردنی کردەی دزییەکەیدا. لێرەدا سێ منداڵی بێ باوک دەناسێت و هەڵیان دەگرێتەوە تا لە تەواوکردنی نەخشەکەیدا بەکاریان بهێنێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات کەسایەتیە خۆپەرستەکەی دەگۆڕن تا ببێتە کەسێکی باشتر.

فلیمی Despicable Me بە بوونی بوونەوەری (مینۆین)ـە زەردە بچوکەکان جیادەکرێتەوە، کە لە بارەگاکەی (گرو) بە ژمارەیەکی زۆر بوونیان هەیە بۆ یارمەتیدانی لە ئەرکەکانیداو بە زمانێکی ئاڵۆز قسە دەکەن کە تێی ناگەیت، بەڵام پێکەنیناوین و زۆر کردەوەی لاسارانە و گاڵتەجاڕی ئەنجام دەدەن، کە خۆشی بۆ فلیمەکە زیاد دەکات.



فلیمی Despicable Me فێرمان دەکات، کە کەسێک چەندە نەگریس و خراپ دیار بێت، هەر دەبێت لە ناخیدا چاکەی تیادا بێت، ئەگەر زۆر بچووکیش بێت . ئەو تەنها پێویستی بە کەسێکی گونجاوە بۆ هەڵکەندن و دەرهێنانی چاکەکەی ناو ناخی. زنجیرەی Despicable Me تا ئێستا لە سێ بەش پێک دێت، کە چەندین سەرکەوتنی فراوانی بەدەست هێناوە و بینەری زۆری لەنێوان منداڵان و خێزانەکاندا هەبووە و هەموویان پابەندبوون بە بوونەوەری (مێنۆنەکان)ەوە، کە سەرکەوتوون لە دروستکردنی خەندەی سەر لیوەکان لە هەر بەشێکی فلیمەکەدا.

# 10 جیاوازی

دوو وێنەی هاوجووتمان لەبەردەمدایە،
بەڵام ١٠ جیاوازی لەنێوانیاندایە،
ئایا دەتوانیت بە ٥ خولەک بیان دۆزیتەوە؟






ئەگەر لەو ڕێونەی یەکەم
ڕزگارت بوو، ئایا دەتوانیت
ڕێونەی دووەم ببڕیت و بگەیتە
گەنجینەکەی سەرەوە؟
گەنجینەی
ون

به دەستی خۆم

# ورچی بەستەڵەک




**گیانلەبەرێکی زەبەلاحی شیردەرە لە بەستەڵەکی باکور دەژی. ئەم ورچە خاوەنی دوو پێی کورت و گەورەیە، کە یارمەتیدەرن بۆ ڕۆیشتن بەسەر بەفرداو بۆ مەلەکردن. بە هۆی ئەو چێنە چەورییەی لەشی داپۆشیوە و ئەستوورییەکەی نزیکەی ١٠سم دەبێت بەرگەی سەرمای زۆر دەگرێت.**

**پێداویستیەکان:** قاپێکی کارتۆنیی سپی، کارتۆنی ڕەنگاوڕەنگ، قردیلەی قوماش، جلگر، دەستکێش و لیم.

**شێوازی کارکردن:**

1. **کارتۆنە ڕەنگاوڕەنگەکە بەشێوەی نیو بازنەیەک دەبڕین و دەینووسێنین بە بەشی سەرەوەی قاپە کارتۆنییەکەوە تا ببێتە کڵاوی سەری ورچەکە.**




2. **دوو چاو و گوێچکە دەبڕین و دەیان نووسێنین بە شوێنی گونجاوەوە.**



3. **بۆ دروستکردنی لووت بازنەیەکی بچووک دەبڕین و دوو خاڵی خڕ لەسەری دروست دەکەین و دەینووسێنین بە شوێنی گونجاوەوە.**



4. **دوو کون بە دەرزی لە بەشی خوارەوەی دەموچاوی ورچەکە دەکەین و قردیلەکە دەکەین بەناویاندا و گرێی دەدەین.**



5. **هەر جلگرێک دەکەین بە سەرێکی قردیلەکەوە.**



6. **هەر دەستکێشێک دەکەین بە یەکێک لەو جلگرانەی بە قردیلەکەوە کراون.**



**ئێستا ورچەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی دەست بە گەشتی گەڕان بە دوای خواردندا لە بەستەڵەک دەست پێ بکات.**



# بەهرەی هونەری



## ئەم وێنەیە تەواو بکە و ڕەنگی بکە





# ژیریی گوێدرێژێك





منداڵی سەردەم


دیاریی ژمارە (١٤٩)

# خوشکە بچووکەکەم دۆریس



لیز پیچۆن


لە ئینگلیزییەوە: یار خالید حەمە







# خوشکە بچووکەکەم دۆریس



## لیز پیچۆن

لە ئینگلیزییەوە: یار خالید حەمە

برا گەورەکەم، بۆریس، ئەمڕۆ زۆر باش بوو لەگەڵمدا.
لە ژوورەکەی پێکەو نمایشی ئەستێرەی تیمساحەکانمان
دەکرد، کاتێک دایک و باوکمان هاتنە ژوورەوە بۆ لامان،
دایکم وتی: «هەواڵێکی خۆشمان پێیە.»



بابە وتی : «بەم نزیکانە گویمان لە دەنگی تەپەتەپی بوونەوەرێکی بچووک دەبێت.»




من هاوارم کرد : «هێیی ئاژەڵی ماڵیمان دەبێت.»
بۆریس وتی : «نەخیر دەبەنگ... ئێمە بەچکە تیمساحێکمان دەبێت.»
لە پاشاندا ئاماژەی بۆ ئەو هێلکەیە کرد کە دایکی لەئامێزی گرتبوو.

ئێستا کە هێلکەکە هاتووە،
کتوپڕ ڕێگەم لێ دەگیرێ...





لە نزیک هێلکەکە ڕابکەم...

بە دەنگی بەرز لە نزیک هێلکەکە قسە بکەم.




لە نزیک هێلکەکە گیتار لێ دەم.

یان هەر شتێک بکەم، کە هێلکەکە هەراسان بکات.






بە باوکمم وت: «ئەو هێلکەیە خۆشییەکەم تێک دەدات.»

باوکم پێشنیاری کرد: «بۆچی ناچیت لەگەڵ بۆریسی برات یاری بکەیت.»

ئاخر بۆریس هاوڕییەکی نوێی لایە و
نایەوێت لە لای بم.






بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەی
خۆم، بەڵام دایکم هەموو یارییەکانی
منی لابردووە، بۆ ئەوەی ژوورێک
بۆ تیمساحە بچووکەکە ئامادە بکات.

من دەگریام و دەمووت:
ـ ئەوە نادادپەروەرانەیە.



تیمساحە بچکۆلەکە


دایە وتی: «کاتێک کە هێلکەکە دەتروکێت،
ئەو کاتە بە یەکەوە زۆر کاتی خۆشتان دەبێت.»

بەڵام من هەگیز هەست ناکەم خۆشیمان هەبێت.



دایە پێشنیاری کرد خۆشترین گۆرانی،
کە لام پەسەندە، بۆ هێلکەکە بڵێم.

دایە وتی: «ئای چەند دەنگیکی خۆش بوو،
من زۆر دڵنیام کە هێلکەکەش بە دڵی بووە.»





ئەو کاتانەی دایکم سەرقاڵ بوو
من گۆرانیی خۆشم بۆ هێلکەکە دەوت.
دواتر لەناکاو هێلکەکە دەستی کرد بە درزبردن.
من هەر بەردەوام بووم لەسەر گۆرانیوتن،
هێلکەکەش دەخولایەوە و دەشکا.

«شکاااااااااا...

واووووووووو»

من هاوارم کرد و هەموان هاتنە ژوورەوە.











هەموان دەم بە خەندەن بۆ خوشکە
بچکۆلە نوێیەکەم، تەنانەت بۆریسیش،
بەڵام من دەم بە خەندە نیم،
چونکە لووتم زۆر ئێشێت و
کەس بایەخی پێ نادات.





هەموو ڕۆژیک میوانێک سەردانمان دەکات،
بۆ ئەوەی ماچی بۆریس بکات.
پورە فلورس وتی: «جوان و خەپانە.»
خاڵە نۆریس وتی: «زۆر جوانە.»
ئەمانە زۆر توڕەم دەکەن، چونکە هێشتا
نازانن ئەو بچووکە بە ڕاستی چۆنە؟





شەوانە دۆریس بە گریان و
هەنیسکدان خەبەرم دەکاتەوە.



بەیانیان یاری
بە یارییەکانم دەکات.



دۆریس شقلی و بقلی
لەسەر وێنەکێشراوەکانم دەکات.




هەروەها قەڵەمەکانم دەشکێنێت.



دۆریس کۆمەڵە کارتاکانم
بە ئاسماندا فڕێ دەدات.



لاپەڕەی چیرۆکە
خۆشەکانم دەدڕێنێت.


دایە وتی: «دۆریس تەنها
دەیەوێت یاریت لەگەڵدا بکات.»

من دەڵێم: «هیوادارم لەگەڵ
بۆریسیش یاری بکات.»




دۆریس ناڕەحەتکەرترین خوشکە بچووکە
لەم دنیایەدا، هەوڵ دەدات ناوم فێربێت،
بەڵام تەنها دەتوانیت بڵێت «مەش».
بچم بۆ هەر شوێنێک بەدوومدا یەت.
چیتر ناتوانم بەرگەی بگرم.





ڕۆژێک دۆریس بە دوومدا هات بۆ ژوورەکەم.
– نا دۆریس نااااا، دەست لە گیتارەکەم مەیە!
بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بوو، هەموو تاڵەکانی
گیتارەکەمی پچراند. ئیتر دان بەخۆداگرتنم تەواو.




قیژاندم بەسەر دۆریس دا:
– بڕۆڕە دەرەوە لە ژوورەکەم.







دۆریس دەستی کرد بە گریان،
پاشان دایە و بابە سەرزەنشتیان کردم،
بۆ ئەو ڕەفتارەی بەرامبەر
خوشکە بچووکەکەم کردم.

ئەو ڕەفتارە وای لێ کردم لە ژوورەکم
بمێنمەوە و بیر لەوە بکەمەوە کە چیم کرد.
هیوام خواست دۆریس خوشکی بچووکی
من نەبوایە. ئاوا بیرم دەکردەوە.









دوای ماوەیەک دایە و بابە هاتنە ژوورەوە
بۆ بینینم، بۆریس ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ
گێڕانەوە، ئەوان داوای لێبوردنیان لێ کردم،
کە بەو جۆرە سەرزەنیشتیان کردم.
باوکم یارمەتیم دەدات و گیتارەکەم بۆ
چاک دەکاتەوە. پاشان بۆریس
بۆ یەکەم جار بە ڕاستی ناوەکەمی وت.




پاشان دۆریس
باوەشێکی گەورەی پیادا کردم.

ئینجا من دۆریس فێری ژەنینی گیتار دەکەم:
فێری ڕۆکی تیمساحی دەکەم،
ئەویش وەک خوشکە بچکۆلە زۆر نایاب بوو.



پاشان دایە و بابە ئاماژەیان بەوە دا
کە سوپرایزێکیان بۆم ئامادە کردووە،
لەناو ئەو کارتۆنە گەورەیەدا.

زۆر بە پەرۆشەوە وتیان:
– دەنگی تەپەتەپێک دێت.
بە خۆشییەکی زۆر هاوارم کرد:
– نا.. نا... هێلکەیەکی تر نا!»





زۆر بە وریایی کارتۆنەکەم کردەوە.

گیانداریّکی ماڵی
خۆی هاڵدایە دەرەوە.





کۆتایی

